## دیسان لە بارەی (زمان) نە وە

بە ڕووباری مێژووی لە مێژینەی زمانی نەتەوەگەلی،جۆرا وجۆری گە ردوون دا،بۆی داخوشیم، گەرەکم ئە وە بووکە بزانم سەرچاوەی زمانی کوردی،لە کوێیووە دەست پێدەکا. بە پێی گەڕان و لێکوڵینەوە وتوێژینەوە، بۆم دەرکەوت کە مێژووی، وێنەگەری، وێنە خەتي نووسین ( ئەلف و بێ) دەگەڕێتەوە بۆ شەش هەزار ساڵ لەمەوبەر.
دیارە کە خۆرەتاوی ئەم هونەرە کە زادەی دەستي مرۆڤە، یەکەم جارلە پشت چیای هیمالیا، ئەهرامی میسری کۆن، یان بە وتەی مێژوونووس، وبە تایبەت زمانناسی هەوەڵ جارلە نێوچەی (Mesopotamia) وە، یاني نێوان دووچۆمان، واتە (دەجلە و فڕات) چاوی هەلێناوە، وپراني گۆی زەوی بە پرشنگی خۆی زێڕەوشان کردووە. دەڵێن: ڕووناکایي هەتاوی وێنەخەت و وێنە نووسین لە وێوە پرشنگ داوێ. بەڵێ، بیرۆکەي، بەڕەش لە سەرسپي دابەزاندن و پەیوەندي گرتنی مرۆڤ لەگەڵ یەکدي وگۆڕینەوە ي فەرهەنگي نەتەوەگەلي دیکەي بۆکۆمەڵاني خەڵک ئاسان کردوەتەوە.
لەم کورتە نووسینەدا، من گەرەکم نییە کە لەبارەی خەت وێنەی «هێرۆگەلیف» وە، یان لەبارەی خەتوێنەي چین نەوە بدویم. بەڵام چونکە بە بۆچوونی (سەردم ناس) و زمان ناسی، ڕەچەڵەکي نەتەوەوی کورد لە بنە ماڵەی (ماد) ەوە، دەستي پێکردووە، جا، بە ناچار پێوستە کە ئاوڕێگ بدەێنەوە، بۆ سەرزەوی نێوچەی نێون دووچۆمان،وچیای زاگڕوس و ئێرانی دێرین. وەکودەڵێن، لە هەزارەی دووەمي پێش زان ەوە، یەکەم نەتەوە کە هونەری وێنەگەری، وخەتوێنەی نووسینیان داهێنا وکەڵکیان لێوەرگرت (سۆمێرەکان) و کەلدانی بوون. جا،بەرە بەرە، دوا بە دوای ئەوانەوە، ئەم داهێنانە دەگاتە دەست، نەتەوەگەلي (بابل) و (ئاشووڕ) و بەرە وایلام و ئێرانی دێرین. دەڕوا تا دەگاتە هێند و ئوروپا. بە وتەي پسپۆڕاني لێزاني زمان ناس، ئە و وێنە خەتە، گەشە دەکا و ڕێک و پێک دەکرێ و گەڵاڵەی وێنەخەتي (بزمار) ی یانی (خەتي مێخی) دەبێتە، خەتی نووسین، بە تایبەت نووسینی (دوعا و سرودی ئایننی) بە پێ ئەوە کە مێژووی دێرین ئەمانەی لە دڵی خاکدا پاراستوە، ئێستا زۆربەی دێرینەناسەکان، پسپۆڕان لە سەر ئەوە ساخ بوونەتەوە، کە نەتەوەی (ماد) کە کوردی ئەمڕۆ لە ڕچە ڵە کی لە وێوە دێ، ئەوانیش هەرلە وشێوە خەتوێنەیە کەڵکیان وەرگرتووە.
(دیارە لە دوای بەربەرەکانێ و شەڕ لەگەڵ ئاشووڕیەکان و سەرئەنجام زاڵبوون ودەسەڵاتداری کە دەگەڕتە وە بۆ (٧٠٠-٦٠٠) ساڵ بەر لە زاین. ئەو دەم کە توانیویانە دەسەڵاتي دەوڵەتي، بە دەست بێنن و (نەینوا) بەکەنە پایتەختي دەسەڵاتداری خۆیان.
دیارە کە کاتبەکان لە خەتوێنەی ئەوسەردەمەی (بابل) و ئاشوڕ کەڵک وەردەگرن، بەڵام دوای هەشتا، تاهە شتا و پێنج ساڵ دەسەڵاتداری وبەربەرەکانێ لەگەڵ برا ئارياییەکانی خۆیان، دام و دەزگای دەسەڵاتداری (ماد) کان تێک دەچی و دەسەڵاتداری دەستە ی (هەخامەنشی) دادەمەزرێ . وەک لە سەر نووسراوەی سە رتابلۆ گڵینەکان،ولە سەر بەرد و سواڵەتی هەوڕگەری، کە لە کەلپووری دێرینەوە بۆمان بەجێماوە. بەڵگە ئەوەیە کە (ماد) یش تا پێش هێرشی عەرەب بۆ نێوچە نێوان دووچۆمان و ئێرانی دێرین کە نەتەوەی (ماد) یاني کوردی ئەمڕۆش دەگرێتەوە، هەرلەو وێنە خەتی (بزماری) کەڵکیان وەرگرتووە.

### زماني کوردی لە کامە بنەماڵە ی زمانە ؟

مێژوو نووسان،بە تایبەت پسپۆڕانی مێژووی زمان،لە سەر ئەوە یەکڕان کە زمانی ئێرانی دێرین،کە بریتی یە لە زمان گەلی ئە مڕۆی کوردی، فارسی، دەری، تاجیکی و بلوچي ژێر لقی بنەماڵە ی زماني هێند و ئۆروپاین. جا، ئەم ژێرلقە زماني هێند وئێرانی یە، بە هۆي تێکەڵاوی ڕەگەزیەوە لە یەکدی زۆرنزیکن، بەڵام بە بۆنە ی جیا بوونەوی باری (جێوگرافی) و تکەڵاوی لەگەڵ نەتەوەگەلی وەک عەرەب، تورک، و...، گەلێک گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە. بەڵام بەشە زمانی، فارسی،تاجیکی و ئەفغانیش چونکە خاوەن خوێندنگە، و زانستگەو، فەرهەنگەستاني سەربەخۆی دەوڵەتی بوون، توانیویانە کە زماني ئەدە بیاتي یەکگرتوی، ستاندارد (Standrd) پێک بێنن.

بەڵام سەیروسەمەرە ئەوەیە، کە زماني کوردی کە برای بڕبڕی پشتي ئەو زمانانەیە، وئەمڕۆکە چەن میلیون کورد هەزاران ساڵە قسەي پێدەکەن وسە دان ساڵیشە پێ دە نووسن چونکە خوێندگە و زانستگەی خۆیی نەبووە، بۆی نەگونجاوە بۆی نەکراوە، کە وێنەخەتی (ئەلف و بێ)ی نووسینی سەربە خۆی پێک بێنێ. دیارە کە کوردیش وەکوو زۆربەی برادەرە موسوڵمانە نەکانی دراوسێی، وبرادەرە فارسەکاني خۆی، لە وێنەخەتی عەرەبی کەڵک وەردەگرێ. (با ئەوەش بێژم، کە مێژووێ زماني کوردی،هەر وەکو مێژووی ڕامیارییەکە ی وایە، فەرهەنگی دێرینە کە شی هەر بەوپەتایە نەخۆشە) هەزاران ساڵە بەم زمانە قسە دەکە ین وسدان ساڵ دەنووسین، کەچی ئێستاش خاوەني زماني یەکگرتوو ئەدەبي خۆمان نین.تەنیا ئەوە نەبێ کە لە دوای سەقامگربوونی حکومەتی ئیسلام، لە لایەن قەومی عەڕەبەوە، بە ناچارکوردیش خەتی (ئەلف و

بێ) عەرەبی بە کارهێناوە، جا خۆزیا هەرئەوە بوایە. ئەگەر کوردی هەمووولایک، هەرلە یەک وێنە خەتی نووسین کەڵکی وەرگرتایە، دیسانەوە هەرباش بوو،سەیرئەوەیە بێجگە لە عەرەبیەکە، لە لایەکی دیکەوە، بە زۆرە ملی وێنە خەتی (تورکی) بە وتەی ئەوان «مۆدێرن» نیشتمان لە بووەتە مڵۆزم و بەسەرماندا سەپا وە. ئەمەشە نەبووەتە، هۆی ئەوەی (کە وەك هەندیك کەس پێیان وایە، چونکە ئەو وێنە خەتە، لاتینە،Latin) ئەمە یارمەتی‌یە، بۆ شێوە نووسین کوردی، ئەوە تا پڕانی کوردی کرمانج، کە باوباپیران لە سەرزەوی دۆڵی (ئەنەدڵۆ) و چیای ئاگریدا بوون ولەوێ ژیاون ودەژین. بۆیان نەبووە کە بە زمانی زگماکی خۆیان بدوێن...

زمانی کوردی لە تورکیەدا بە وتە یئە وان «یاساق» بووە. "دەگێڕنەوە کە، ڕایەک کوردێک لە گوندە وە، کەرەکەی باردەکا، و دەچێ بۆ ئیستامبوڵ، لە سەرشەقام لە چوارڕێگە یکدا، کەرەکەی ماندەگرێ و پێ دەچەقێنێ و نارو، کابراش بە کوردیە کێویلکەکەی خۆی،لە کەرەکەی دەپاڕێتەوە،کە بڕوا. لەودەمەدا پاسە بانێکێ لێ پەیە دا دەبێ و دەڵێ : « تۆ بۆت نییە بە کوردی قسە بکەی، مەگەر نازانی بە کوردی قسە کردن " یاساقە"؟ دەبێ جەزابدەی» کابراش لە بەری دەپاڕێتەوە و دەڵێ: «قوربان دەبێ ببووری، من هیچ سوچ و تاوانم نییە، کەرەکەم تورکي نازانێ»

بەڵام لە نێوەڕاست و کۆتایی سەدەی بیستمدا، کرمانجی دانیشتوی ئەنەدوڵ و چیای ئاگری، دەکەونە خۆ، بە دزیەوە، لە ژێرزەمیندا، بەلاسای کردنەوەلە تورکەکان، وێنەخەتی (ئەلف و بێ، لاتین (Latin) وەک سیستم ئەلف و بێی نووسین بە کاربێنن. ئەڵبەتە ئەو سیستمی ئەلف و بێیەشێ، نەبووەتە زمانی یە کگرتوی ئەدەبي. دیارە هەموو دەزانین کە کوردی بەشەی ئێران و عێراق، هەر وێنەخەتی عەرەبی بە کاردێنن بە بڕوای زۆرکەس ومەزندی ئەقڵی زۆر نووسەرو ڕووناکبیری ڕەسەن. بەکارهێنان ئەم چەن وێنەخەتە جیاوازە، نابێتە هۆی نزیك بوونەوەی، دیالکێکتی (سۆرانی و کرمانجی) بەڵکو بەپێچەوانەوە، بە داخەوە، ئەگەر ئاوا بڕواتە پێشەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ لەیەك دوورتر دەبنەوە.

بڕوانە ئە م دوو هێڵە ئەگەر ئەم دووهێڵە هەربەو شێوەیە بڕۆنە پێشەوە، چۆن دەگەنەیەك! جا،خۆزیا هە رئەوە بوایە، ئەی ئەودوو دیالێکتە، لاتەنیشتیەکەی دیکە (گۆراني - هەورامی، و زازاکێ) کە هەوشان وهاوبەش لەگەڵ ئەو دووانەی دیکە دەڕۆن، چی لێدەکەن، جا، وردە بێژەی بەرچاوتەنگی، مە هابادی، سیلمانی، کرمانجی دیاربەکر،و قامیشلیش، هەرباسی ناکەین.نەوەکوخوای نەخواستە، بە دژی کورد، و پیاو ئەم و ئەومان لە قەڵەم دەن.

ئەڵبەتە هەمووومان باش دەزانین کە زمانی عەرەبی و تورکي، لە ڕەگ و ریشەوە لەگەڵ زمانی کوردی جیاوازن چونکە عەڕەبی لە بنەماڵەی زماني سامی یە، و تورکیش وەك دەڵێن لە بنەماڵەی زمانی ئاڵتایک یە.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە بەرچاو: باشە، ئێمە چۆن بتوانین ئەم چەن دیالێکت و لەهجە و وردە بێژانە، لە یە کدی نزیک بکەینەوە؟ تا بەڵکوو زمانی یەکگرتووی ئەدەبی پێک بێنین؟ وڵام دانەوە بەم پرسیارە زۆرگرینگە، و هەروا سووک و ئاسانیش نییە. ئەم باسە لێکۆڵینەوە، وتوێژینەوەی بابەتی نووسینی (تیز tez)ی دوکترا وە رگرتنیکي ژیرانە هەڵدەگرێ.یان ئەگەر فەرهەنگەستاني کوردی هەبێ، دەستەیک لە پسپۆڕانی لێزان یەککەون (ئەگەر یەک کەون) ڕاوێژبکەن و بەکەونە خۆ، بۆلێکۆڵینەوە، و توێژینەوە، ڕاپۆرتی پێشنیازی خۆیان بدەن بەو فەرهەنگەستانە، یان هیچ نەبێ بیخەنە بەرچاوی خوێندە واروخوێندکاری سەردەمي ئەمرۆ. بۆبەیانیش خوا زانا. بەڵام تا ئەو خۆزیا و بریایە، دێتەدی، ڕام وایە کە نووسەر، و ڕووناکبیری ئەمرۆ، تا ئەو ڕادەیە کە لە دەستمان بێ و ڕێگەمان لێ نەگرن،هەوڵ بدەین کە لە بەکارهێنانی وشە و واتەگەلی تورکی، وعەرەبی، خۆمان بپارێزین. بەڵام چونکە ناچارین کە لە زۆرجێگە لە بەکارهێنانی وشە و واتەی لاوەکی کەڵک وەرگرین. وابە باشتردەزانم کە لەوشەگەل و واتەگەلی فارسی کەڵک وەرگرین، چونکە بە بڕوای من و مەزندی ئەقڵی زۆرکەسی دیکەش، زمانی فارسی وکوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە لە بنەماڵەیکن وخزمی خوێنی یەکن ،نموبەیەك دێنینەوە.

« ئەگەر زمانی فارسی بەیەکجاری لە نێوان بچێ، بۆ ئەوەی دووبارە بژێنینەوە ئەتوانین لەو شەقەلي ڕە سەمی ئێرانی - یانی کوردی کە ڵک وەرگرین»

ڕاحمان سۆفی

٥ ژلای ٢٠٠٦ سوئێد